# خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تا ئیسلام

د. کۆزاد محمد احمد

بەشی شوێنەوار – زانکۆی سلێمانی

ئەو وڵاتەی لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقدا ناوی نرا عێراق، پێشتر چەندین ناوی جیاجیای هەبووە. هەر بەشێکی وڵاتێك بووە و هەر بەشێکی نەتەوەیەك و گەلێك و نەژادێکی جیا تیایدا ژیاوە و زۆری ئەو بەشانەشی بەناوی ئەو نەتەوانەوە ناو نراون. بۆ نمونە وڵاتی سومەر سومەرییەکانی تیادا دەژیان و وڵاتی بابل و ئاشور و ئەکەد و هی تریبش هەر بەو جۆرە. ڕەنگە ئەو ناوەی کە لە هەموویان گشتگیرتر بووبێت مێسۆپۆتامیا بێت کە ئەویش نووسەرانی کلاسیك (واتە یۆنان و ڕۆمان) دایان هێناوە. هەرچۆنێك بێت، ئێرە جێگەی درێژەی ئەم باسە نیە، بەڵام ئەوەندە پێویستە بڵێین کە ئەم مێسۆپۆتامیایە ئیتر هەمووی لەژێر ڕکێفی یەك دەستەڵاتدا بووبێت یان پارچە پارچە بووبێت، لەپاڵ چەند دەروازە و ڕێگەی لاوەکی و چەپەکدا، یەك دەوروازەی سەرەکی و یەك شارێی بۆ ڕۆژهەڵات، بۆ بانی ئێران، هەبووە کە لەوێشەوە بۆ خوراسان و ئاسیای ناوەڕاست و ئەولاتریش ڕۆیشتووە، ئەو شارێیەش ئەوەیە کە بە سەرپێلی زەهاودا تێدەپەڕێت. هەر ئەو شارێیەشە کە دواتر شاری خانەقینی لەسەر دروست کراوە و وەك سەرپێلی زەهاو لەسەر ئەڵوەندە. ئەم شارێیە شارێی خوراسانیشی پێ دەووترێت چونکە ڕێگای نێوان مێسۆپۆتامیای سەردەمانی پاش ئیسلام و خوراسان بوو. پاشتریش کۆنەناس و مێژوونووسی بەناوبانگ هێرتسفێلد Herzfeld ناوی 'دەروازەی ئاسیا' ی لێ نا.[1] ڕێگاو دەربەندەکانیش هەمیشە جێگای بایەخێکی تایبەت بوون چونکە هەم لەکاتی ئاشتیدا شادەماری ئابوری و بازرگانی و هاتووچۆ و باج وەرگرتن و هاتن و بردنی ماددەی خاو و دروستکراو بوون، هەم لە کاتی شەڕ و ململانێشدا شوێنی هاتن و چوونی سوپا و هەڕەشەی داگیرکاری و کۆچ و ڕەوی گەلان و هێرش و پەلامار بووە.

گرنگییەکی تری ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە دوایین ناوچەی شاخاویی کوردستانە و نزیکترینە لە ناوجەرگەی عێراقەوە، بە تایبەتی بەغدای پایتەخت. بۆیە، وەك لە شوێنی تریشدا ئاماژەمان پێ کردووە، هەر لایەنێك ئەم ناوچەیەی بەدەستەوە بێت بۆسەر لایەکەی تر مەترسی دروست دەکات.

---

[1] بۆ نمونە بڕوانە کتێبە بەناوبانگەکەی Am Tor von Asien.

بەهۆی ئەم شوێنە گرنگەیەوە لە سەردەمانی زۆر زووەوە گرنگییەکی ستراتیجیی سەربازی و سیاسیی هەبووە و هەرچی هێزێك لەم دیوی یان ئەودیوییەوە پەیدا بوبێت هەوڵی دەستبەسەردا گرتنی داوە.

<u>پێش مێژوو:</u>

لەسەردەمانی پێش مێژوودا دیارترین شوێنەوارەکانی ناوچەکە 'چۆغە مامی'یە کە گوندێکی کشتوکاڵی بووە لە نزیك مەندەلی، مێژووەکەی بۆ چاخی بەردینی-کانزایی Chalcolithic دەگەڕێتەوە. ئەم چاخە دابەش دەبێتە سەر چەند سەردەمێك یەکێك لەوانە ئەو سەردەمەیە کە بە سامەڕا ناسراوە و چۆغە مامیش هی ئەو سەردەمەیانە. مێژووەکەی بۆ ٥٦٠٠-٤٨٠٠ پ.ز. دەگەڕێتەوە. لەم گوندە کشتوکاڵییەدا کە چەندین خانووی لە قوڕ دروستکراوی تێدا بووە، ڕووبەرەکەی نزیکەی ٦ هێکتار بووە و نزیکەی ١٠٠٠ کەسێك تیایدا ژیاون،[2] پیشەیان کشتوکاڵ بووە و جوتیاری کارامە و لێزان بوون. گرنگترین دۆزراوە لە گوندەکەدا تۆڕێك بووە لە کەناڵ و جۆگای ئاودێری[3] کە کۆنترین بەڵگە بۆ کشتوکاڵ کردن بە ئاودێری پیشان دەدات. چەندەها بووکەڵەی لە قوڕ دروستکراویش دۆزراونەتەوە کە بە ڕەنگ نەخشێنراون و زۆربەیان بووکەڵەی ئافرەتن (شێوەی ژ. ١) کە ئاماژەیەکە بۆ پەرستنی دایکە-خواوەند. نەخشەی خانووەکان بریتین لە شێوە لاکێشە و ژوورەکانی پچووك بوون و بە ڕیز بە دوای یەکدا ڕیز کراون. بۆ نمونە خانوویەکی تیادایە کە ١٢ ژووری هەیە بە ٣ ڕیز ڕێکخراون، هەر ڕیزە و ٤ ژوور، دانەیەکی تر ٩ ژووری هەیە بە ٣ ڕیزی ٣ ژووری (وێنەی ژ. ٢). بینا گەورەکان لە گۆشەکانیان و لە بەیەکگەیشتنی دیوارەکانیاندا بورجی بەهێزکردنیان هەبووە. دیوارەکان هەندێکیان بە قوڕ و هەندێکیان بە خشتی شێوە چروت دروست کراون کە مەوداکانیان ٦٠- ٩٠ بە ١٢-١٨سم بوون.[4] هەموو گوندەکەش لەکاتی خۆیدا بە شورایەك دەورە دراوە و دەروازەیەکی گۆشەیی هەبووە کە دوو بورج ئەم لاو لای دەروازەکەیان پاراستووە.

لە ناوچەی بەنداوی حەمرین چەندین شوێنەواری گرنگ دۆزراونەتەوە کە مێژوویان بۆ کۆتایی چاخی بەردینی-کانزایی Chalcolithic دەگەڕێتەوە کە لە ڕووی فەرهەنگ و شارستانییەوە لەگەڵ خانەقیندا لە هەمان مەودای جوگرافیدا بوون و دەبێت پەیوەندیی فەرهەنگی و شارستانییان لەگەڵ یەك هەبووبێت. لە گردەکانی ڕەزووق و سلێمە و گوببە و مەزهوور و ئەبو قاسم پێنج خانووی بازنەیی شورادار و مەحکەم کراو دۆزراونەتەوە کە کۆنەناسان بەقەڵا ناویان دەبەن. ئەوەکەی تەل ڕەزووق بۆ نمونە (وێنەی ژ. ٣) مێژووەکەی بۆ ٢٧٠٠-٢٦٥٠ پ.ز. دەگەڕێتەوە و دیارە کە خانەوادەیەکی خانەدانی تیادا ژیاوە.[5] ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت، لە هەندێك شوێنی تریش خانووی لەم جۆرە و لە هەمان ئەم سەردەمە

---

[2] Redman, Ch., *The Rise of Civilization, from Early Farmers to Urban Society in the Ancient Near East,* San Francisco, 1978, p. 196.
[3] Oates D. and J. Oates, *The Rise of Civilization,* Lusanne, 1976, p. 64; Mellaart, J., *The Neolithic of the Near East,* London,1981, p. 155.
[4] Redman, p. 196.
[5] Forest, J.-D., *Mésopotamie, l'apparition de l'etat. VII^e-III^e millénaires,* Paris, 1996, p. 201.

دۆزراونەتەوە کە ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ دەوروبەرێکی نا ئەمین و بێ ئاسایش کە وای کردووە خەڵکان، بە تایبەتی خانەدان و دەستڕۆیشتووەکان خۆیان بەو شێوەیە بپارێزن. لە ئاوەدانییەکانی ناوچەی حەمرین، مردووەکانیان لەدەرەوەی ئاوەدانییەکان دەناشت، وەك لە شوێنەوارەکانی خێت قاسم (دەوروبەری ٢٨٥٠-٢٨٠٠ پ.ز.) و ئەحمەد ئەلحەتتو دا دەردەکەوێت.[٦] دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەم ڕووەوە لە کۆمەڵگاکانی باکور دەچوون وەك لە تەپە گەورە لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ کە ئەوانیش لەم سەردەمەدا بەهەمان شێوە مردووەکانیان لە گۆڕستانێکی دەرەوەی ئاوەدانییەکە دەناشت. گۆڕەکانی ئەحمەد ئەلحەتتو بەخشتی کاڵ دروست کراون و مێژویان بۆ ٢٧٥٠ پ.ز. دەگەڕێتەوە.[٧]

لەم سەردەمەدا کۆمەڵگاکانی ناوچەی حەمرین کشتوکاڵیان دەکرد و لە هەندێك باردا کشتوکاڵەکەیان بە ئاودێری بووە، بەبەڵگەی دۆزینەوەی جۆیبارێکی ئاودێریی ئەم سەردەمە لە نزیك گردی خێت قاسم.[٨] بەڵام پشتیان تەنها بە کشتوکاڵ نەدەبەست، بەڵکو بازرگانیشیان دەکرد، بەڵگەی ئەمەش دۆزینەوەی دەفرێکە لە گۆڕستانەکەی خێت قاسم کە بۆ مەبەستی مەراسیمی ئایینی بەکار هاتووە و تەرزێکی ئێرانیی ڕوون و ئاشکرای هەیە. هەروەها ئەو تەور و ئامێرە مسینانەی لە گوببە دۆزراونەتەوە و هی سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ.ز. ن، پیشانی دەدەن کە خاوەکانیان هەر دەبێت لە کانە مسەکانی بانی ئێرانەوە هاتبن. لەمانەش زیاتر، ئەو جێ مۆرانەی لەسەر داخەری گۆزە و دیزە گڵێنەییەکان دۆزراونەتەوە ئاماژەن بۆ چالاکیی بازرگانی و ئاڵ وگۆڕی کەل و پەل و شمەك.[٩]

<u>سەردەمانی مێژوویی:</u>

سەردەمانی مێژوویە بەو سەردەمانە دەووترێت کە تیایاندا نووسین بۆ تۆمارکردنی زانیاری و ڕووداو و مامەڵەکانی ڕۆژانە بەکار هاتووە. لە مێسۆپۆتامیا نووسین لەدەوروبەری ٣٤٠٠ پ.ز. ەوە پەیدا بووە و کۆنترین دەقی مێژوو‌ییش بۆ دەوروبەری ٢٤٠٠ پ.ز. دا نووسراوە.

زۆر لەبارەی خانەقین و دەوروبەرییەوە لەسەردەمە مێژووییەکاندا نازانرێت، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا کە بە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان دەناسرێت. بۆ یەکەم جار لەمێژووی نووسراودا کە باس لەم ناوچەیە کراوە، سەردەمی بنەماڵەی

---

بۆ شوێنەکانی تری حەمرین و خانووە شورادارەکانی ئەوێش بڕوانە:

Fujii, H., “Outline of the Japanese Excavations,” *Sumer* 40, Part 1&2 (1981), p. 51-52; Roaf, M., “Tell Madhur, A Summary Report on the Excavations,” *Sumer* 43, part 1 & 2 (1984), p. 116-18.

[6] Sürenhagen, D., “Excavations of the Deutsche Orient Gesellschaft at Tell Ahmed Al-Hattu,” *Sumer* 40, part 1 & 2 (1981), p. 61.

[7] Forest, p. 196.

[8] Forest, *op. cit.,* p. 202.

[9] Forest, p. 200.

بۆ جێ مۆرەکان و دیزاینەکانیان، بڕوانە:

Lebeau, M., “Notes sur les sceux et emprints des sceux de Kheit Qasim,” *Sumer* 40, Part 1 & 2 (1981), p. 115-8.

ئەکەدییە (٢٣٣٤- ٢٢١١ پ.ز.). ئەم بنەماڵەیە کە یەکەمین بنەماڵەیە سامییەکان دایانمەزراندووە، لە سەرەتایەوە دەستی داوەتە فراوان خوازی و هەر لەو کاتەوە ئیتر ناوچەی خانەقینیش یەکێك لەو ناوچانە دەبێت کە دەوڵەتەکەی ئەم ئەکەدییانە پەلی بۆ کێشاوە و شەڕی تیادا کردووە بۆ دەست بەسەرداگرتنی. سارگۆنی دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ لەشکرکێشی بۆسەر وڵاتی سیموررووم کردووە[١٠] کە لە ناوچەکانی گەرمیاندا بووە (پێدەچێت پایتەختەکەی لە شیروانە بوو‌بێت) (بڕوانە نەخشەی ژ. ١) و لە خانەقین زۆر دوور نەبووە. بۆیە سارگۆن هەر دەبوایە بە ناوچەی خانەقیندا تێپەڕیبێت بۆ سیموررووم. بەهەمان شێوە، لە دەقی تریدا باس لە وەرگرتنی باج و خەراجی عیلام و پاراخشی و ئاوانی کردووە. ئەمەی دواییان، واتە ئاوان، لە ناوچەکانی دەوروبەری لوڕستان و کرماشان و باکورتریش بەرەوە پارێزگای کوردستان بووە[١١] و بۆ گەیشتن بەویش هەر دەبوایە بە ناوچەی خانەقین و سەرپێلدا بڕۆیشتایە. لەبەر ئەوە، ئەگەر ئەم هەواڵانەی لەو نووسینانەدا نووسراون ڕاست بن، ئەوا ناوچەی خانەقین لەژێ ڕکێفی سارگۆنی ئەکەدی دا بووە. لە دەقێکی بەناوبانگی تردا کە بە "جوگرافیاکەی سارگۆن" ناسراوە و وەسفێکی جوگرافییانەی ئیمپراتۆرییەکەی ژێردەستی سارگۆنە، ناوی نیققو *Niq-qu* لە نێوان هەردوو وڵاتی گوتیوم و دێر Dēr دا ڕیز کراوە و دەڵێت گوایە سنورەکانی لەنێوان 'خەللابا Ḫallaba' و ناوچەی 'زومیرونا Zumiruna' بییەکانەوە،[١٢] بەڵام جێگەی ئەم دوو شوێنەیان تا ئێستا بە وردی دیاری نەکراون. بێگومان باس لە چەندین شوێن و وڵاتی تری کوردستانی دێرینیش دەکات کە لەناو ئیمپراتۆرییەکەیدا بوون، لەوانە، جگە لە سیموررووم، سوبارتو و ئەرڕاپخە (کەرکوك) و لوللوبوم و گوتیوم و ئاشور و ئەرمانوم.[١٣]

لەسەردەمی نەرام-سین (٢٢٥٤-٢٢١٨ پ.ز.)ی کوڕەزای سارگۆن دا وێنەکە ڕوونترە، دەقێکی سەردەمی ئەم پادشایە هەیە لەلایەن یەکێك لە کاربەدەستانییەوە لەسەر سەرە گورزێکی بەردین نووسراوە لەبەشێکی دا دەڵێت: "کەرشوم

---

[10] mu *Śar-um*-GI Śi-mur-um$^{ki}$-šè ⸢ì⸣-gin-⸢na-a⸣: Frayne, *RIME* 2, p. 8; Gelb, I. J. and B. Kienast, *FAOS*, p. 49.

[١١] بۆ زانیاریی زیاتر و ڕای جیاوازی تر لەبارەی شوێنی ئاوانەوە، بڕوانە:
Vallat, F., *RGTC* 11, Wiesbaden, 1993, p. CXXII f.; Potts, *The Archaeology of Elam,* p. 122; Stolper, M. W., "Awan," *Encyclopaedia Iranica,* vol. III, ed. by Ehsan Yarshater, London, 1989, p. 114; Hinz, "Persia …," *CAH* I, part 2, p. 647; Edzard D. O. and G. Farber, *RGTC* 2, Wiesbaden, 1974, p. 20; Edzard, D. O., G. Farber and E. Sollberger, *RGTC* 1, Wiesbaden, 1977, p. 21.

[12] Grayson, A. K., "The Empire of Sargon of Akkad," *AfO* 25 (1974-77), p. 59; 61.
زنجیرەیەك دەقی تر هەن کە لیستی ناوی کەل و پەل و لیستی ناوی ئاژەڵ و گژ و گیا و هەندێکی تریان ناوی شوێن و وڵاتن، لەیەکێ: لەوانەدا ناوی نیققوم هاتووە بە هەمان شێوە لەپاش گوتیومەوە و لە دانەیەکی تریشدا لەپێش 'مێ-توران Mê-Turran'ەوە کە ئەمەیان لەگردەکانی حەمرینە (تەل حەدداد یان تلول ئەل-سیب)، زۆر پێدەچێت تەل سلێمە بووبێت. بۆ ئەو لیستانە و ناوهاتنی نیققوم تیایندا بڕوانە:
Röllig, "Niqqu(m)," *Reallexikon der Assyriologie,* 9 (1998-2001), p. 569.

[١٣] بڕوانە:
Weidner, E., "Das Reich Sargons von Akkad," *AfO* 16 (1952-53), p. 4-5.
هەروەها پاشتریش گرەیسن:
Grayson, *op. cit.,* p. 59-61.

Karšum لێپرسراوی تەتەرەکان، فەرمانڕەوای نیققوم Niqqum."[14] جێگای سەرنجە هەر ئەم کەرشومە لەسەر سەرە گورزێکی لە مس دروستکراوی تر دەقێکی نووسراوی هاوشێوەی هەیە و لەوێشدا هەر بە فەرمانڕەوای نیققوم لەسەردەمی نەرام-سین دا ناوی هاتووە.[15]

هەر لەسەردەمی نەرام-سین دا هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ پادشایەکی 'ئاوان' دا مۆر دەکرێت، ڕەنگە ئەم پادشایەی ئاوان 'خیتا Ḫitâ' بووبێت.[16] بە پێی ڕێکەوتننامەکە کە ڕونووسێکی بە زمانی عیلامی دۆزراوەتەوە، یەکێك لە خاڵەکانی ناردنی کۆمەکی سەربازی بووە بۆ ئەکەدییەکان. هەندێك وای بۆ دەچن ئەم کۆمەکە سەربازییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گوتییەکان بووبێت کە لە سەردەمی نەرام-سین دا کەوتبوونە چالاکی لەدژی ئیمپراتۆریی ئەکەد. بەهۆی نزیکیی خانەقین لە ناوەندی وڵاتی ئەکەدەوە و کەوتنە سەر ڕێگای سەرەکی بۆ وڵاتانی ئاوان و عیلام و ئەمانیش یان ژێردەستەی ئەکەدییەکان بوون (وەك عیلام) یان هاوپەیمانی بوون (وەك ئاوان)، ئەوا دیارە کە ناوچەی خانەقین دەبێت لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی ئەکەددا بووبێت. لەم نێوەندەدا جارێکی تریش ناوی ناوچەی نیققوم Niqqum دێت. لەسەردەمی پادشای ئەکەدی 'شار-کالی-شەڕڕی Šār-kali-šarrī' یی کوڕی نەرام-سین دا دەقێکی نووسراوی تر بەدەست گەیشتووە کەلەسەر لەگەنێکی بەردین هەڵکەندراوە و باس پێشکەش کردنی ئەو دەفرە وەك دیاری دەکات، پێشکەشکاری لەگەنەکە کەسێکە بە "ڕەبەنی شەنگو *šangû*[17] ی نیققوم" ناو براوە و پێشکەشکردنەکەش هەر لە نیققوم بووە.

نزیکەی هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە نیققوم خانەقین بووە، هەم وەك شوێنی جوگرافی و هەم وەك لێکچوونی ناویش، چونکە دوور نیە وەك زۆر شوێنی تر، ناوی نوێی خانەقین پەیوەندییەکی بە ناوی کۆنی نیققومەوە هەبێت. ناوی نیققوم خۆی کە لە دەقە ئەکەدی زمانەکاندا بەو شێوەیە نووسراوە ئیستێکی پێویستە. دەنگی 'ق' هەتا ئێستا لەو زمانانەدا نەبینراوە کە لە ناوچەکانی کوردستانی کۆندا باو بوون و قسەیان پێکراوە، تەنها لەو ناوانەی کوردستانی کۆندا هاتوون کە لە دەقە سامی زمانەکاندا (وەك ئەکەدی و بابلی و ئاشوری) تۆمار کراون. واتای وایە کە ئەو دەنگی 'ق' ە دەنگێکی ڕەسەنی وڵاتەکە نیە و لەسەر زمانی ئەکەدی و بابلی و ئاشورییەکان بووەتە 'ق.' بەڵگەی ئەمەش هاتنی ناوی نیققومە لە نامەیەکی

---

[14] Frayne, D., *RIME* 2, p. 167 (E2.1.4.2005, l. 17-19); p. 167-8 (E2.1.4.2006, l. 8-10).
سەرە گورزەکە وتراوە گوایە لە لوڕستان دۆزراوەتەوە.

[15] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ئەمیش گوایە هەر لە لوڕستان دۆزراوەتەوە.

[16] Hinz, W., "Persia *c.* 2400-1800 BC," *Cambridge Ancient History*, p. 651; Westenholz, A., The Old Akkadian Period, History and Culture in: Sallaberger, W., and A. Westenholz, Mesopotamien, Akkade-Zeit und Ur III-Zeit, *OBO* 160/3, eds. P. Attinger and M. Wäfler, Göttingen, 1999, p. 92; Hinz, W., "Elams Vertrag mit Narām-Sîn von Akkade," *ZA* 58 (1967), p. 96.

[17] شەنگو لە بنەڕەتدا وشەیەکی سومەرییە و لە زمانی سومەریدا سەنگا Sanga بووە، ئەکەدییەکان وەك وشەیەکی خواستراو چووەتە زمانی ئەکەدییەوە. واتاکەی باڵاترین پلەی ڕەبەن و پیاوە ئایینییەکانی پەرستگا بووە و وەك بەڕێوەبەر و کارگێڕ و سەردەستەی ڕەبەنەکانی پەرستگا ڕۆڵی بینیوە. لە هەندێك شوێنی وڵاتی سومەردا فەرمانڕەوای شارە-دەوڵەتیش بوون.

شمشارەدا کە بەفەرمانی پادشایەکی خوری نووسراوە بە شێوەی 'نیکوم' نەك 'نیقوم.'[18] ئەمجا دەمێنێتەوە 'ـــوم' ی دوایی ناوەکە؛ ئەمیش پاشگرێکی زمانەوانیی زمانە سامییەکانە و هاوتای "تنوین" ی عەرەبییە و ئاماژەیە بۆ باری Nominative (رفع). لە باری Genetive (اضافە) دا دەبێتە Niqqi(m) و لە باری Accusative (نصب) دەبێتە Niqqa(m)، بۆیە زۆر دەشێت ناوەکە لەسەر زمانی دانیشتوانەکەی خۆی، کە سامی نەژاد نەبوون، نیکی بووبێت، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز.) دا ناوی نی-خی NI.ḪI[ki] هاتووە لە شوێنێکدا کە نیقوم چاوەڕوان دەکرا و لەبەرئەوە باوەڕ وایە کە ئەمە شێوەیەکی تری ناوی نیقومە لەم سەردەمەدا کە لە ناوە ڕەسەنەکە نزیکترە.[19] دەقەکە هی فەرمانبەرێکی پلەباڵای ئیمپراتۆرییەکەی بنەماڵەی سێیەمی ئورە بە ناوی ئیر-ناننا Ir-Nanna کە لە دەقێکیدا زنجیرەیەك لەو پۆستانەی وەك نازناو ڕیز کردووە و وتوویەتی: "فەرمانڕەوای خەمازی و کارخار و فەرماندە (ی سەربازی)ی نی-خی."[20]

ماوە بڵێین بۆچی نیقوم بە خانەقین دەزانرێت؟ بۆ وەڵامی ئەمە پشت بە چەند بەڵگەیەك بەستراوە، کە ئەوانیش چەنددەقێکی نووسراون کە ئەو مەنزڵگایانە دەژمێرن کە لەسەر شارێ یەکانی ئەو ناوچەیە بوون. ئەمانە چەند جۆرێکن و لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا نووسراون. هەرچەندە چەندین ڕێگایان باس کردووە، بەڵام لێرەدا بۆ ئێمە مەنزڵگاکانی سەر ڕێگای ئەم ناوچەیەن. کۆنترین دەقی ئەم زنجیرەیە هی سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان و سەردەمی ئەکەدییە، لە ئێشنوناوە دەست پێدەکات کە لەوێدا بە *Áš-nun-na* نووسراوە و ئێستا تەل ئەسمەر ی پێ دەووترێت لە ناوچەی دیالە، پاشان شیشیل *Ši-ši-il* ئەمجا *A-ra-me* پاشان نیقوم *Ni-qum* و بە کاکاران *Kà-kà-ra-an* کۆتایی دێت (نەخشەی ژ. ٢). دەقێکی تری سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور بەم شێوەیە مەنزڵگاکانی نووسیوە:

*Áš-nun-na* → *$^{d}$Šul-gi-$^{d}$Nanna* → *Sí-mu-dar* → *A-ra-mi* → *tá-ši-il* → *Kára-ḫar*

لەسەردەمی بابلیی کۆندا دوو وەشانی هەیە، یەکێکیان لە تەل حەرمەل دۆزراوەتەوە و لە هەموویان وردترە، ئەوان بەم شێوەیە ڕێگاکە وەسف دەدەن:

*Èš-nun-na* → *$^{d}$Šul-gi-$^{d}$Nanna* → *Šu-mu-dar* → *Ša-ši-il-la-ni* → *Ta-ši-il* → *Me-tu-ra-an* → *Ni-qi$_{4}$-[im]*

---

[18] بۆ ئەم نامەیە و ناوەڕۆکەکەی بڕوانە پاشتر.

[19] هەر بۆ بەراورد ناوی تیکیتیخوم Tikitiḫum هەیە کە لەبەڵگەنامەکانی هەمان سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا هاتووە و فرەین بە ناوی کۆنی تەقتەقی دەزانێت. دیسان دەبینین ناوی کاککارا(ن) Kakkara(n) بووەتە کارخار. لێرەشدا 'ك' یان 'ق' بووەتە 'خ.' بۆ ئەم ڕایەی فرەین بڕوانە:

Frayne, D. R., "The Zagros Campaigns of Šulgi and Amar-Suena," *SCCNH* 10, Bethesda, 1999, p. 149; 169.

[20] بۆ دەقەکە بڕوانە:

Frayne, D. R., Ur III Period (2112-2004 BC), *RIME* 3/2, Toronto, 1997, p. 324 (E3/2.1.4.13).

لە وەشانەکەی تەل حەرمەلدا بەم جۆرەیە:

*Èš-nun-na* → *$^{d}$Šul-gi-$^{d}$Nanna* → *Ši-«il»-mu-dar* → *Ši-il-ši-il* → *A-ra-mi-«il»* → *Ta-ši-il* → NU.$^{giš}$KURI$_{6}$ → *Me-tu-ra-an* → *Ni-qum* → *Kára-ur*

لە سەردەمی بابلیی ناوەڕاست (سەردەمی کاششییەکان) نووسراوە:

*Èš-nun-na* → *Ši-ši-il* → *Ša-si-li* → *Šá-si-la* → *Me-tu-ra-an* → *Ḫar-ḫa-ar*

لە سەردەمی ئاشوریی نوێشدا بەم شێوەیە هاتووە:

*Ši-iš-lu* → *Ga-na-na-te* → *Me-e-túr-na-at* → *Ni-qu*

لەمانەوە دەردەکەوێت کە دوایین مەنزڵگا لە زۆربەی دەقەکاندا کارخار بووە کە بە شێوەی تریش ناوی هاتووە، وەك کارکار و گانخار، ئێستا دەرکەوتووە کە کارخار قەسری شیرین یان زۆر نزیك لە قەسری شیرین بووە.[21] لە وەشانەکەی تەل حەرمەلدا کە لە هەموویان وردترە، پێش کارخار نیققوم هاتووە. ئەوساش و ئێستاش ئەو ڕێگایەی لە ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیاوە بۆ قەسری شیرین دەچێت، بە سەرپێلی زەهاو و خانەقین دا تێدەپەڕێت، بۆیە باوەڕی زۆربە هاتووەتە سەر ئەوەی کە نیققوم دەبێت هەر خانەقین بێت.[22]

لە دەقێکی ئەدەبیی هیتتییەکاندا، کە گەلێکی هیندو-ئەورووپی بوون و لە ئەنەدۆڵ نیشتەجێ بوون و خاوەن دەوڵەتێکی بەر فراوان بوون، ناوی نیققوم لە ڕیزی دوژمنەکانیاندا هاتووە و ناوی پادشاکەیی بە ئور-باندا Ur-banda تۆمارکراوە.[23] سەرنج ڕاکێشە کە ناوی ئەم پادشایەی نیققوم کە لەم دەقەدا هاتووە ناوێکی سومەرییە.

بنەماڵەی سێیەمی ئور لە ٢٠٠٤ پ.ز. دا لەسەر دەستی سیماشکییەکانی لوڕستان و عیلامییەکان و ئامورییەکان (مارتو) ڕما و کۆتایی بە فەرمانڕەوایییە سەدساڵەکەی هات. بەداخەوە بۆ مێژووی سەردەمی ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی لە ناوچەکانی سیروان و گەرمیان و تەنانەت ناوچەی دیالە سەرچاوە نووسراوەکان بۆ ماوەی سەدەیەك بێدەنگن و نازانرێت

---

[21] بۆ شوێنی کارخار و دیاریکردنی لە قەسری شیرین و ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان، بڕوانە:
Ahmed, K. M., *The Beginnings of Ancient Kurdistan, A Historical and Cultural Synthesis (c. 2500-1500 BC),* Leiden, 2012, p. 197.

[22] لەوانەی ئەم ڕایەیان هەیە فرەین و ڕۆلیگن، بڕوانە:
Frayne, D., *SCCNH* 10, p. 151; Frayne, D., *EDGN,* p. 70; Röllig, "Niqqu(m)," *Reallexikon der Assyriologie* 9 (1998-2001), p. 569-70.

[23] لەدەقەکەدا "ئور[-ب]اندا، پادشای نیققو[...]،" هاتووە، بڕوانە:
Güterbock, H. G., "Die historische Tradition und ihre litrerarische Gestaltung bei Babylonieren und Hethitern," *ZA* 10 (1938), p. 68; Potts, *Mesopotamia and the East, an Archaeological and Historical Study of Foreign Relations, ca. 3400-2000 BC,* Oxford, 1994, p. 107, note 131.

لەو سەدەیەدا بە وردی چی گوزەراوە. سەرچاوەکان ئیتر لە دەوروبەری ١٩٠٠ پ.ز. ەوە دەردەکەوونەوە و زانیاریمان لەسەر ئەو ناوچانە دەست دەکەوێتەوە.[٢٤]

بەڵام کۆتایی هاتن و ڕمانی بنەماڵەی سێیەمی ئور بۆ کوردستانی کۆن دەرفەتێکی لەباری ڕەخساند بۆ دەورکەوتنی چەندین قەوارەی سیاسی لەسەر خاکەکەی کە پێشتر هەندێکیان هاوپەیمان یان لە هەندێك کاتدا ژێردەستەی ئور بوون. لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەو بنەماڵەیەدا دەوڵەتی سیموررروم کە چەقەکەی لە گەرمیان بووە دەردەکەوێت و لە ڕاستەوخۆ لەپاش ڕمانی ئور بووە زلهێزێکی ناوچەکە. لە نووسینەکانی پادشایەکی ناوداری سیموررومەوە تێدەگەین کە لەپاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ لوللوبییەکاندا دەستی بەسەر ناوچەی خالمان دا گرتووە[٢٥] کە ڕێگای ئەو لە پایتەختەکەیەوە لەسەر زێی سیروان، هەر دەبوایە بە سەر ناوچەی خانەقینیشدا تێپەڕیایە و لەژێر دەستیدا بووایە تا خالمان بگرێت.

لە سەردەمی بابلیی کۆن (دەوروبەری ١٧٦٣-١٥٩٥ پ.ز.) دا، دەوڵەتی سیموررروم ڕوو لە کزی دەکات و پێدەچێت ئیتر دەستەڵاتی بەسەر ناوچەی خانەقین و زەهاودا وەك جاران بە توند و تۆڵی نەمابێت. ئاماژە مێژووییەکان لە دەقە کۆنەکاندا بوونی ململانێیەکی توند و تیژ لەگەڵ گوتییەکاندا پیشان دەدەن کە ئەوانیش گەلێکی زۆر کۆن و بەهێزی ناوچەی گەرمیان بوون. ئەم لاواز بوونەی سیموررروم هاوکات بووە لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتێك لە ناوچەکانی دیالە کە بە ئێشنوننا ناسراوە و پایتەختەکەی تەل ئەسمەری ئێستا بووە. ئایا دەرکەوتنی ئێشنونناش بووەتە هۆی لاوازبوونی سیموررروم، یان لاواز بوونی سیموررروم ڕێگای بۆ دەرکەوتن و فراوان بوونی ئێشنوننا خۆش کردووە؟ نازانین، بەڵام ئێشنوننا یەکێك لەو دەوڵەتانە بووە کە لە پاش ڕمانی بنەماڵەی سێیەمی ئور لە باشور و ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا پەیدا بوون لە ئەنجامی کۆچ هێنانی ژمارەیەکی زۆر هۆزی ئامووریی سامی نەژاد. ئەوەی لای ئێمە بە دڵنیاییەوە زانراوە هاوچەرخ بوونی یەکێك لەپادشایانی سەرەتای ئێشنوننایە لەگەڵ زابازونا ی پادشای سیموررروم دا کە کوڕی ئیددیـ(ـن)-سین ی لەسەرەوە ئاماژە بۆکراو بووە. پێدەچێت ئەم دوو دەوڵەتە ماوەیەك پێکەوە هەڵیان کردبێت و پەیوەندیشیان هەبووبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، سیموررروم لاوازتر دەبێت و بەرەو لەبەریەك هەڵوەشان دەبێت و ئێشنوننا جێگای دەگرێتەوە. بۆیە ناوچەکانی خانەقینیش دەکەونە قەڵەمڕەوی ئێشنونناوە تا ئەو کاتەی حەممورابی پادشای بابل ئێشنونناش دەخاتە ژێر ڕکێفییەوە.

دەقێك لەم سەردەمی بابلیی کۆنەوە هەیە کە نامەیەکە باس لە کردەیەکی سەربازی دەکات کە دوو فەرمانده یان پادشا ئەنجامیان داوە لە هەمان کاتدا یەکێکیان شاری نیققوم ی گرتووە و ئەوی تریان خالمان Ḫalman و بەم شێوەیە هەردوو

---

[٢٤] بۆ ئەمانە بڕوانە:
De Boer, R., *Amorites in the Early Old Babylonian Period,* Ph. D. Dissertation, Leiden, 2014, p. 157.

[25] بۆ هەموو دەقەکانی ئەم پادشایەی سیموررروم و لێکدانەوەی زمانەوانی و مێژوویی و جوگرافیای مێژووییەوە، بڕوانە:
Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan,* p. 249-293.

شوێنەکەی لەیەك ڕووداودا پێکەوە گرێ داوە و ئاماژەیەك بۆ نزیکییان و پێکەوە بەستنەوەیان دەکات.[٢٦] خالمان هەمان ئەو شارە بووە کە ناوی ناوچەیەکیش بووە و لەپاشتردا ناوەکەی بووەتە حەلوان.

لە ڕووداوەکانی ناوچەکە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پادشای ئێشنوننا 'ئیپیق-ئەدەد Ipiq-Adad' ی دووەم دا ئاماژە بۆ فراوانبوونی ئەو شانشینە بەرەو ناوچەکانی گەرمیان هەن. لەو سەردەمانەدا پادشایان مێژووی کارەکانی خۆیان بەوە دیاری دەکرد کە لەدەقە نووسراوەکاندا ساڵی ڕووداوەکەیان بە ڕووداوەکەوە ناو دەنا، بەم شێوەیە، یەکێك لەو ئاماژانە ساڵێکی فەرمانڕەواییەکەی ئەم پادشایەیە کە بە ناوی "ئەو ساڵەی ئیپیق-ئەدەد قەڵای مێ-توران Mê-Turran ی داگیر کرد" ەوە ناونراوە. مێ-توران شارێك بوو لە ناوچەی حەمرین (ئێستا تەل حەدداد یان تلول ئەل-سیب ی پێ دەووترێت) و بەبێ گرتنی ناوچەی خانەقین زۆر سەخت بووە ئێشنوننا بگاتە مێ-توران. هەر ئەم شاری مێ-تورانە لە دەقێکی تریشدا ناوی هاتووە و ئاماژە بۆ مردنی فەرمانڕەواکەی کراوە کە ناوی ئاریم-لیم Arim-Lim بووە و ناوێکی ئامورییە. وا دیارە لەو کاتەدا شارەکە بەدەست ئامورییەکانەوە بووە. ئەم کەسایەتییە نووسینێکیشی لە مێ —توران دۆزراوەتەوە کە تیایدا نازناوی rabiān MAR.TU ی لەخۆی ناوە و واتای گەورەی مارتو (واتە: ئاموری).

هەر لە چوارچێوەی پەلکێشانی ئێشنوننا بەرەوە ناوچەکانی گەرمیان، لە دەقێکی مێژووییدا کە لە شاری ماری دۆزراوەتەوە (ناسراو بە دەقی MEC)[٢٧] ئەو ساڵەی کە بە ناوی دادایا Dadāya ی دووەمەوە ناونراوە بە ساڵی گرتنی ئەڕڕاپخا (کەرکوك)ەوە لەلایەن هەمان ئیپیق-ئەدەدی دووەمی پادشای ئێشنونناوە تۆمار کراوە  کە بە پێی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەکاتە ساڵی ١٨٢٨ پ.ز. ئاماژەیەکی تریش هەیە بۆ داگیرکردنی خورشیتوم Ḫuršītum (کە لێرەدا بە شێوەی ئورشیتوم Uršītum هاتووە) کە هەر لە ناوچەی گەرمیان بووە. ئەمانە دەری دەخەن کە شانشینی ئێشنوننا لەسەردەمی ئەم پادشایەدا ناوچەی مەبەستی ئەم باسەی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، گوتییەکان لە گەرمیان و دەوروبەریدا، بە ناوچەی خانەقینیشەوە، خاوەن دەستەڵات و پێگەیەکی گرنگ بوون. بۆ نمونە، نامەیەك کە لە ئەرشیفەکەی شاری ماری دا دۆزراوەتەوە بۆ پادشای ماری نێردراوە تیایدا هەواڵی ئەوی پێ دراوە کە شاژنی گوتییەکان کە بە 'ناواریتوم *Nawarītum*' وەسف دراوە کە واتای "خانمی ناواری،" (سەر بە شار و ناوچەی ناوار)، فەرماندەیی لەشکرێکی ١٠,٠٠٠ سەربازیی کردووە بۆ پەلاماردانی شاری لارسا لە باشوری مێسۆپۆتامیا.[٢٨] بەپێی ئەوەی ئەو 'ناوار' ەی

---

[٢٦]نامەکە لەو شوێنەدا دەڵێت: "ماندا Manda چووە ناو نیقوەوە و دادلا Dadla ش چووە ناو خالمانەوە،" بۆ دەقی نامەکە بڕوانە:
Whiting, R. M., *Old Babylonian Letters from Tell Asmar,* Chicago, 1987, p. 37 (No. 2, 1930-T713).

[٢٧] MEC کورتکراوەی Mari Eponimic Chronicle ە. بۆ وەرگێڕانی دەقەکەی و شیکاری مێژوویی بڕوانە:
Birot, M., “Les Chroniques “Assyriennes” de Mari,” *Mari Annales de Recherches Interdiciplinaires* 4, Paris, 1985, p. 227 ff.

[٢٨]نامەکە (*ARM* 6, 27) کە لەسەر تەتەڵەیەکی قوڕ نووسراوە لەلایەن بەخدی-لیم ەوە بۆ زیمری-لیم نێردراوە و دەڵێت: "... و بەم شێوەیە (پێمیان وت): "لەشکرێکی ١٠,٠٠٠ گوتیی سەر بە شاژنی ناوار ڕێك پێش ئاهەنگی ٧ (ڕۆژە) ی ساڵ ڕووەو لارسا بەڕێکەوت. بابلییەکانیش

لێرەدا ناوی براوە ئەو شار و ناوچەیەیە کە لە ناوچەی ئەودیوی سەرپێلی زەهاوەوە بووە، لە نێوان وڵاتی عیلام و نیققوم دا،[٢٩] ئەوا زۆر هەڵدەگرێت ئەم شاژنە گوتییە بە خۆی و لەشکرەکەیەوە بە سەرپێلدا و بەسەر ناوچەی خانەقیندا بەرەو لارسا ڕۆیشتبێت.

سەرنج ڕاکێشە کە هەر لەم سەردەمەدا و لە سێبەری شانشینی بەهێزی ئێشنونندا لە ڕێی سەرچاوەیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە پێمان دەگات کە نیققوم پادشایەکی خۆی هەبووە بە ناوی 'داسی Dâsi' یەوە. سەرچاوەکە کە یەکێك لە نامەکانی ئەرشیفەکەی گردی شمشارەی دەشتی ڕانیەیە، تیایدا پادشای شانشینی بەهێزی توروککو، کە شانشینێکی خورییەکان بووە لە کوردستانی دێریندا، داوا لە پادشایەکی هاوشانی خۆی دەکات کە ناوەکەی تەنها بەشی یەکەمی ماوە و بەشەکەی تری لەسەر تەتەڵە قوڕەکە شکاوە، داوای لێدەکات قسە لەگەڵ فەرمانڕەوای گەورە (کە پێدەچێت مەبەستی پادشای عیلام بێت) و نامار و داسیی پادشای نیکوم بکات، پەیمانی بەخشینی زێڕ و زیو و شمەکی بەبەهایان پێ بدات ئەگەر هاتوو هێرش بکەنە سەر شانشینی کاکموم، کە لەو کاتەدا شانشینێکی نەیاری توروککییەکان بوو.[٣٠]

پاش ئەم ڕووداوانە سەردەمێکی نادیار بەسەر مێژووی ناوچەی خانەقیندا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ئەو سەردەمەی کاشییەکان لە باشور و ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا و ئاشورییەکان لە باکوری مێسۆپۆتامیا دەبنە باڵادەست و فەرمانڕەوای وڵاتەکە. لەم سەردەمەدا مێسۆپۆتامیا و بەشێکی کوردستان دەبنە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە کە هەردووکیان دەماودەم لە شەڕ و ململانێدا دەبن لەسەر ناوچەی دەستەڵات و سنوری نێوانیان و دەماو دەمیش بە ئاشتی لەسەر سنورەکانیان ڕێك دەکەون. لە مێژووی ئەم ململانێ و شەڕانەدا چەند جارێك ناوی ناوچەی خانەقین و دەوروبەرەکەی بەرچاو دەکەون. لەوانە، پادشای ئاشوری 'ئاشور-دان Aššur-dān' ی یەکەم (١١٧٩-١١٣٤ پ.ز.) کە لەگەڵ پادشای

---

'مالگیوم' یان جێهێشت؛ مەڕ و ماڵاتی عیلامییەکانیان تاڵان کرد و حەممورابیش لە (شاری) سیپپارە." ئەمانە ئەو هەواڵانەن کە بۆمیان هێنا." بڕوانە:

Kupper, J.-R., *Archives Royales de Mari* 6, Paris, 1954, p. 44; Durand, J.- M., *Les documents épistolaires du palaisde Mari ( LAPO)* I, Paris, 1997, p. 618.

[٢٩] ئەم ناوارە لەو شارەی تر کە هەر بە ناوار ناسراوە و لە بنەچەدا 'ناگار' بووە و لە ناوچەی خابور بووە، جیایە. ئەمیان، لە دەقەکانی تەل سلێمە لە ناوچەی حەمرین کە بۆ سەردەمی ئەکەدی (کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز.) دەگەڕێنەوە، بە 'نامار Namar' ناوی هاتووە. بۆ ئەم دەقانەی تەل سلێمە بڕوانە:

Visicato, G., "The Sargonic Archive of Tell el-Suleimah," *Journal of Cuneiform Studies* 51 (1999), text A5, p. 30.

سەبارەت بە شوێنی ناوار لەنێوان عیلام و نیققوم (خانەقین) دا، بڕوانە:

Kessler, K., "Namar/Namri," *Reallexikon der Assyriologie* 9 (1998-2001), p. 91.

لێرەدا ئاماژە کراوە کە نامار لەدواتردا بەیەکێك لە ناوچەکانی وڵاتی کاششییەکان ناوی هاتووە، بە تایبەتی خاکی هزێکی کاششی بە ناوی هۆزی کارزیابکو. لە سەردەمانی دواتردا، سەردەمی ئاشوریی نوێ، لەگەڵ شانشین و ناوچەکانی زاگرۆس، وەك ئێللیپی و سانگیبوتو و خامبان ناوی هاتووە.

[٣٠] بۆ وردەکاریی ئەم نامەیە و وەرگێڕانی و لەسەر دوانی، بڕوانە:

Ahmed, *The Beginnings ...*, p. 384.

کاششییەکاندا، 'زەبابا-شوما-ئیددینا Zababa-šuma-iddina' دەکەوێتە شەڕەوە لە ڕێگای گەرمیانەوە هێرش دەکاتە سەر قەڵەمڕەویان؛ لە شاری 'زابان Zaban'[٣١] ەوە بە دەم تاڵان کردن و داگیرکارییەوە دەچێتە 'ئیرڕی-یا Irriya'[٣٢] و لەوێوە بۆ 'ئوگار-سەللو Ugār-sallu'.[٣٣] تیگلات-پیلێسەر Tiglath-Pileser ی یەکەمیش (١١١٥-١٠٧٧ پ.ز.) بەهەمان شێوە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی وڵاتی بابلدا شەڕ هەڵدەگیرسێنێت کە لەو کاتەدا 'مەردوك-نادین-ئاخێ Marduk-nadin-aḫḫe' پادشایان بوو.[٣٤] ئەمیش ئوگار-سەللو ی گرتووە تا دەگاتە 'لوبدی Lubdi'[٣٥] و تاڵانی کردوون،[٣٦] بەڵام باسی شار و ناوچەکانی خوارتر نەکراوە و نەزانراوە ئایا گەیشتووەتە ناوچەکانی خانەقین یان نا؟ پێدەچێت لەم کاتەدا بابلییەکان بەهێزتر بووبن و ئاشوورییەکان نەیانتوانیبێت بگەنە باشورتر لە ئوگار-سەللو و لوبدی (داقوق).

دواتر لەسەردەمی باڵادەستیی ئاشوورییەکاندا لەسەردەمی ئاشووریی نوێ (٩١١ -٦١٢ پ.ز.) دا چەند جارێکی تر ناوچەکە جێگای سەرنج و شوێنی شەڕ و شۆڕەکانیان دەبێت و لە دەقە شاهانەکانی پادشایانی ئاشووریی ئەم سەردەمەدا ناوی دێت. یەکەمین پادشای سەردەمی ئاشووریی نوێ کە 'ئەدەد-نیراری Adad-nerari' ی دووەمە (٩١١-٨٩١ پ.ز.)، کە

---

[٣١] زابان بە وردی دەستنیشان نەکراوە، بەڵام لە شوێنێکی بەرەژووورتری حەمرین بووە بەبەڵگەی ئەوەی شەلمانیسەری سێیەم لە لەشکرکێشییەکەیدا (بڕوانە خوارتر) کە لە باکورەوە بەرەو جەلەولا، کە لە کۆندا گاناناتێ Gananate ی پێ وتراوە، بە زابان دا تێدەپەڕێت و دەچێتە مێ-توورران (یان مێ- تورنات، کە تەل حەددادە لە حەمرین) و ئەمجا دادەگەڕێت بۆ گاناناتێ.

[٣٢] لە شوێنێکی گەرمیان بووە کە بە وردی دەدەستنیشان نەکراوە. بڕوانە:

Postgate, J. N., "Irrija," *RlA* 5 (1976-1980), Berlin, p. 170.

[٣٣] ئەمیش هەر لە دەشتاییەکانی ناوچەی خوارووی گەرمیاندا بووە، بەوەدا کە لە پاش دوانەکەی ترەوە ناوبراوە، پێدەچێت لە خوار ئەوانەوە بووبێت. سەرچاوەکان بە گشتی دەڵێن لە نێوان زێی پچووك و وڵاتی بابل دا بووە، کە زۆر گشتییە، بۆ نمونە بڕوانە:

Grayson, A. K., *Assyrian and Babylonian Chronicles (ABC),* New York, 1975, p. 264-65; Nashef, Kh., Die Orts- und Gewässernamen der mittelbabylonischen und mittelassyrischen Zeit, *RGTC* 5, Wiesbaden, 1982, p. 270.

بەڕای گرەیسن لەم سەرچاوەیەی سەرەوەدا ئەم شارە کە بەناوی ناوچەکەی دەوروبەرییەوە ناونراوە، دیارە ناوچەیەکی دەشتایی بووە لەبەر ئەوەی کە بەشی یەکەمی ناوەکە بە ugār دەست پێدەکات کە واتای دەشت دەبەخشێت.

بۆ سەرچاوەی ئەم هەواڵانە، بڕوانە:

Grayson, A. K., *Assyrian and Babylonian Chronocles,* New York, 1975, Chronicle 21 (Synchronistic History), ii 9-12, p. 162.

[٣٤] ئەم پادشایە شەشەمین پادشای بنەماڵەی دووەمی ئیسین Isin بووە کە لەو کاتەدا بەدەستەڵاتترین بنەماڵەی فەرمانڕەوای وڵاتی بابل بووە.

[٣٥] بە پێی فینکیلشتاین لە ناوچەی کەرکوک بووە، نزیك داقوقی ئێستا، لەسەر لقێکی ڕووباری عوزێم، بڕوانە:

Finkelstein, J. J., "Subartu and Subarians in Old Babylonian Sources," *JCS* 9 (1955), p. 2.

برینکمان و ناشف یش بە گشتی ناوچەی نێوان ئەرڕاپخا (کەرکوك) و ڕووباری عوزێمیان بە شوێنی ئەم وڵات و شارە زانیوە. بڕوانە:

Nashef, *RGTC* 5, p. 179.

لەبەرئەوەی لە هەندێك دەقی تردا پێکەوە لەگەڵ ئەرڕاپخا ناوی هاتووە و وتراوە کە لە ناوچەی ئەرڕاپخا بووە و قەڵایەکی سەربازیی سەر ڕێگای سەرەکیی نێوان ئەرڕاپخا و وڵاتی بابل بووە، بۆیە داقوق لە شوێنی ئەم شار و وڵاتە دەزانرێت. بۆ ناو هاتنەکانی و زانیاریی زیاتریش، بڕوانە:

Kessler, K., "Lubda," *RlA* 7 (1987-1990), Belin, p. 106-107.

[36] Grayson, *Assyrian and Babylonian Chronicles*, Chronicle 21, ii 22′-23′, p. 165.

لەگەڵ وڵاتی بابل دا شەڕ هەڵدەگیرسێنێت و لەگەڵ سوپاکەی ’شەمەش-مودەممیق Šamaš-mudammiq‘ دا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەو شەڕە لە دامێنی چیاکانی ’یالمان Ialman‘ دا بووە. یالمان بەڕای ڕۆلیگ پێدەچێت بەبەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی زنجیرەی حەمرین وترابێت و هەمان خالمان یان ئارمان نەبێت،[٣٧] و ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێکی ترە کە هەر بە خالمانی دەزانن کە لە سەرپێلی زەهاوە.[٣٨] ئەگەر تەماشای لێکچوونی ناو لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بکەین، زیاتر بەلای بەیەك زانینی یالمان و خالمان دا دەمانبات، بەڵام کە دێینە سەر ڕێڕەوی شەڕەکە و لەبەرچاوگرتنی هەردوو لای شەڕکەر، کە یەکێکیان ئاشورییەکانن و ئەوی تریان بابلییەکان، ئەقڵ نایگرێت پێکدادانیان لە شوێنێکی سەر ڕاستە ڕێگای هەردوولادا نەبووبێت، بەڵکو لایان دابێتە دەربەندێکی وەك سەرپێلەوە. بەداخەوە، دەقەکان وردەکاریی ئەم شەڕ و پێکدانانەیان بۆمان نەنووسیوە و نازانین چی تر ڕوویان داوە، چونکە دوور نیە لەو شەڕەدا بابلییەکان نەکشابێتنەوە بۆ ئەو دەربەندە و لەوێوە پەلاماری ئاشورییەکانیان دابێت، بۆ ئەوەی پشتیان بە چیاو شوێنە مەحکەمەکان توند تربکرێت. هەرچۆنێك بێت، ئەم ڕووداوانە لە ناوچەی خانەقینی کۆن و دەوروبەرەکەیدا ڕوویان داوە و گرنگیی ستراتیجیی ناوچەکەی پیشان دەدات.

شەلمانیسەری سێیەم (٨٥٨-٨٢٤ پ.ز.) لەو دەقەیدا کە باسی بەسەرهاتەکانی شەڕەکەی نۆهەمینساڵی فەرمانڕەواییەکەی دەکات لەدژی پادشای ناوچەی خوارووی گەرمیانی کردووە کە ناوی مەردوك-بێل-ئوساتێ Marduk-bēl-usâte‘ بووە و شاری گاناناتێ (جەلەولا یان قزرابات) بنکە و بارەگای بووە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە شاری زابان چوومە پێش (و) قوربانیم پێشکەش بە خواوەند ئەدەد، سەروەرم، کرد. بە جێهێشتنی شاری زابان لە شاری مێ-تورنات چوومە پێش. شارەکەم گەمارۆم دا، گرتم، (دانیشتوانەکەی) م سەربڕی، و تاڵانم کرد. بە دەرچوونم لە مێ-توڕناتەوە لەشاری گاناناتێ چوومە پێش. مەردوك-بێل-ئوساتێ، پادشای یاخی کە نەیدەزانی چیی کردووە، لێم هاتە پێش بۆ شەڕکردن و جەنگان لەدژم. بەزاندم، کوشت و بڕێکی زۆرم لێ کرد (و) لەشارەکەیدا قەتیسم کرد. دەغڵ و دانەکەیم لەبن هێنا، باخەکانیم بڕییەوە (و) جۆگا و جوێبارەکانیم بەست." ئەمجا لە لەشکرکێشییەکی دووەمدا لە ساڵێکی تردا ئەمەی تۆمار کردووە: "لە زێی سەروو و خواروو پەڕیمەوە (و) و لە شاری لاخیرو چوومە پێش. شارەکەم گەمارۆ دا، گرتم و سەرم بڕین (و) تاڵانم کرد. بە بەجێهێشتنی شاری لاخیرو لە شاری گاناناتێ چوومە پێش. مەردوك-بێل-ئوساتێ وەك ڕێوی لە کون هەڵهات، ڕووی کردە چیای یاسوبو Iasaubu (و) لەشاری ئارمان Arman خۆی قایم کرد. شاری گاناناتێم گرت و سەرم بڕین (و) تاڵانم کرد. بەدوایدا بەچیاکەدا هەڵگەڕام و لە شاری ئارمان قەتیسم کرد. گەمارۆی شارەکەم دا (و) و

---

[37] Röllig, W., “Jalman,” *RlA* 5 (1976-1980), Berlin, p. 255.

[38] Grayson, *Assyrian and Babylonian Chronicles,* p. 242.

ئێمەش لە نووسینێکی پێشووماندا هەر بە هەمان خالمانمان زانیوە، بڕوانە: ئەحمەد، ك. م.، "بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا، ژین ١ (٢٠٠٩)، ل. ١١.

گرتم و سەرم بڕین (و) تاڵانم کرد. مەردوك-بێل-ئوساتێم بەتیغی شمشێر کوشت و هیچ کام لە سەربازەکانیم نەبوارد."[39] لەم دەقانەوە هەندێك ڕاستی هەڵدەهێنجێنین؛ شاری زابان لە ژوور مێ-تورناتەوە بووە کە ئەمەی دواییان تەل حەددادە لە حەمرین لەو شوێنەدا کە بەنداوەکەی لێ دروست کراوە. لە خوار مێ-تورناتیشەوە 'گاناناتێ Gananate' هەبووە. ناوی ئەم شارە بە تێپەڕبوونی کات و پەرەسەندنی زمانەوانی بووە بە جەلەولا. زۆریش پێدەچێت هەر لە جەلەولای ئێستا بووبێت، هەرچەندە پۆستگەیت بە قزراباتی ئێستای دەزانێت.[40] پاش شکانی سوپای نەیارەکەی شەلمانیسەر، بەرەو چیای 'یاسوبو Iasubu' لە ناوچەی ئارمان کە هەر خالمانە و لە ناوچەی سەرپێل بووە هەڵهاتووە و لەوێ خۆی حەشار داوەتەوە. بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەسەر ئەوەی کە ئارمان هەر خالمانە دەقێکی تری هەمان ئەم شەلمانیسەرەیە و دووبارە باسی ئەم شەڕەی کردووەتەوە، لەوێدا لەجیاتی ئارمان، دەڵێت خالمان.[41] چوونی پادشای بابل لە گاناناتێ وە بۆ یاسوبو بە ناوچەی خانەقین دا بووە و دەبێت خانەقین و دەوروبەری مەیدانی بەشێك لەم شەڕ و شۆڕە بووبێت. هەر شەلمانیسەری سێیەم لە ٨٤٣ پ.ز. دا شەڕ لەدژی 'مەردوك-مودەممیق Marduk-mudammiq' ی پادشای 'نامری Namri' (شێوەی پاشتری نامار) هەڵ دەگیرسێنێت و لەو نێوەندەدا ناوی شاری نیققوی بردووە. شەلمانیسەر لەم بارەیەوە لە دەقی نووسینە شاهانەکەیدا دەڵێت: "مەردوك-مودەممیق، پادشای وڵاتی نامری، متمانەی بە هێزی لەشکرەکەی کرد و سوارە زۆر و زەبەندەکەی دایە پێش بۆ شەڕ و جەنگان لەدژم. لەدەم ڕوباری 'نامیرتو Namirtu'[42] هێڵێکی شەڕی لەبەرامبەرم کێشا. من بەزاندم و (هێزی) سوارەکەیم لێسەند. مەردوك-مودەممیق، پادشای وڵاتی نامری، لەبەرامبەر چەکە بەهێزەکانم ترسی لێ نیشت و شارەکانی 'شومورزا Šumurza' و 'بیت-نێرگال Bīt-Nergal' و نیققو ی وڵاتی 'توگلیاش Tugliaš'، شار (و) ئۆردوگا شورادارەکانی خۆی، جێ هێشت. لەپێناو پاراستنی ژیانی خۆی هەڵات (و) و منیش کۆشکەکانیم تاڵان کرد. خواوەندەکانی و کەل و پەلەکانی (و) موڵك وماڵەکانی و ژنانی کۆشکەکەی (و) ئەسپە ڕام کراوە لە ژمارە نەهاتووەکانیم بە تاڵان برد. باج و سەرانەی 'بارو Barū' ی (پادشای) ئێللیپی (ناوچەی کرماشان) م لە دەربەندی وڵاتی توگلیاش وەرگرت. بە سامی چەکەکانم (و) ڕەونەقی سەروەرانەم وڵاتی نامریم داپۆشی."[43] ئەوەی ئەم دەقە بۆ زانیاریمانی زیاد دەکات ئەوەیە کە نیققوم (خانەقین) لەم کاتەدا لە ڕووی سیاسییەوە شارێك بووە لە شانشینێك بە ناوی نامری کە ئەویش ناماری کۆنە، فەرمانڕەوای شانشینەکە مەردوك-مودەممیق بووە کە ناوێکی بابلییە. لە ڕووی جوگرافیشەوە، خانەقین بەشێك بووە لە ناوچەیەکی گەورەتر کە وڵاتی 'توگلیاش Tugliaš' ی پێ وتراوە. ناوی توگلیاش ناوێکە زۆر لە

[39] Grayson, A. K., *The Royal Inscriptions of Mesopotamia- Assyrian Periods,* vol. III: Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC II (858-745 BC), Toronto, 1996, p. 30 (A.0.102.5).

[40] گاناناتێ ناوێکە بە تێپەڕبوونی کات و پەرەسەندنی زمانەوانی بووە بە جەلەولا. زۆریش پێدەچێت هەر لە جەلەولای ئێستا بووبێت، هەرچەندە پۆستگەیت بە قزراباتی ئێستای دەزانێت، بۆ ئەمەیان بڕوانە: بوستکیت، ن.، "الجغرافیە التاریخیە لحوض سد حمرین،" الجزء الاول، سومر ٣٥ (١٩٧٩)، ص. ٥٨٨.

[41] Grayson, *The Royal Inscriptions ...,* vol. III, p. 37 (A.0.102.6).

[42] نامیرتو بە زمانی ئەکەدی (بابلی و ئاشوری) واتای "هی نامری" دەبەخشێت و شێوەی مێینەیە کە مەبەست لێی ڕوبارەکەیە.

[43] Grayson, *The Royal Inscriptions ...,* vol. III, p. 40 (A.0.102.6).

ناوه کاششییەکان دەچێت و ڕوونە کە لەم سەردەمەدا کە پاش سەردەمی فەرمانڕەوایی کاشییەکانە، ناوچەکە لەژێر کاریگەریی ئەواندا بووە و ناوچەکەش ناوێکی کاششیی لێ نراوە کە ئەوانیش گەلێکی کۆنی کوردستانی دێرین بوون و چەقی نیشتیمانی بنەیان چیاکانی زاگرۆس، بە تایبەتی لوڕستان، بووە.

لە دەقەکانی تیگلات پیلیسەری سێیەمیشەوە پێکەوە لەگەڵ ناوچەکانی 'بیت-بارڕوا Bīt-Barrua' و 'بیت-زوالزاش Bīt-Zualzaš' و 'بیت ماتتی Bīt-Matti' دا ناوی هاتووە.[44] ئەم پادشایە لە ساڵنامەکانیدا تەنها بە کورتی باسی لەشکرکێشیی خۆی بۆ سەر وڵاتی نامری کردووە و لێرەدا کە ناوی نیققوم دەبات وەك بەشێك لە وڵاتی 'توپلیاش Tupliaš'[45] نەك توگلیاش ناوی بردووە. وادیارە کە ئەمە شێوەیەکی تری هەمان ناوە.

پاشتریش لەدەقە ئابورییەکانی سەردەمی ئەخەمینی (هەخامەنشی) (٥٥٠-٣٣١ پ.ز.) دا ناوی شاری نیققو بەرچاو دەکەوێت کە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئاوەدانی و ڕۆڵی گرنگی لە ئابوریی ئەم سەردەمەی ناوچەکەیدا.[46]

بە دەستپێکی جیهانگیرییەکانی ئەسکەندەری گەورەی مەکەدۆنی و لەشکرکێشییەکانی بۆ ڕۆژهەڵات، ئیمپراتۆریی ئەخەمینی ڕما و کۆتایی هات. پاش شەڕی گەوگەمیلا (٣٣١ پ.ز.)، ئەسکەندەر بۆ بابل چوو، پاش ماوەیەك مانەوەی لەوێ، ڕوودەکاتە شاری سوسە (شوش) کە پایتەختێکی تری ئەخەمینییەکان بوو. سەرچاوەکان بە وردی باسیان نەکردووە ئەسکەندەر لەو ڕۆیشتنەیدا چی ڕێگایەکی گرتووەتە بەر و دیار نیە لەکوێوە بۆ سوسە چووە.[47] ئایا بەرەوە ئەکباتانا (هەمەدان) چووە کە لەو کاتەدا داریوشی سێیەمی دوایین پادشای ئەخەمینیی لێ بووە و لەوێوە داگەڕاوەتەوە بۆ سوسە وەك هەندێك وای بۆ دەچن؟ یان ڕاستەوخۆ لە بابلەوە بۆ سوسە چووە؟ ئەگەر ئەوەی یەکەمیان بێت، ئەوا بێگومان بە ناوچەی خانەقیندا تێپەڕیوە، چونکە کورتترین و سەرەکی ترین ڕێگای نێوان بابل و هەمەدانە.

---

[44] Röllig, *ibid.*
[45] Tadmor, H. and Yamada, Sh., *The Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Period,* vil. I, The Royal Inscriptions of Tiglath-Pileser III (744-727 BC), and Shalmaneser V (726-722 BC), Kings of Assyria, Winona Lake, 2011, p. 85; 97.

سەبارەت بە شوێنی توپلیاش، وادیارە بە ناوچەیەکی کارگێڕی وترابێت کە ئێشنوننا و دێر و یاموتبال و خەفاجی و مەندەلیی گرتبێتە خۆ. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی کاشییەکاندا دوو مەڵبەندی کارگێڕیی سەر بە دەوڵەتەکەیانی تیادا بووە. بۆ ئەمانە بڕوانە:

Nashef, *RGTC* V, p. 265; Brinkman, J. A., *A Political History of Post Kassite Babylonia,* p. 200, note 1227.
[46] Röllig, *op. cit.,* p. 570.

ئەویش ئاماژە بەم سەرچاوەیە دەکات:

*Cuneiform Texts from Babylonian Tablets in the British Museum* (CT) 57, 36: 12; *Babylonian and Oriental Record A Monthly of the Antiquities of the East* (BOR) 1, 76: 6.

[47] بۆ نمونە بڕوانە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە لەم سەرچاوەیەدا:

Long, G., "Miscellaneous: 1. On the Site of Susa," *The Journal of the Royal Asiatic Society,* vol. 3 (1833), p. 262.

لەسەردەمەکانی دواتردا، لە سەردەمی سلوکی (جێگرەوەکانی ئەسکەندەری گەورە) و ئەشکانی (پارتی) دا، زانیارییەکانمان کەمتر دەبنەوە. سەرچاوەی زانیارییەکان بەزۆری دەبنە ئەو دەقانەی مێژوونووس و جوگرافیناسە کلاسیکییەکان (یۆنان و ڕۆمان) تۆماریان کردووە. یەکێك لەوانە 'پلینی Pliny' یە کە کتێبەکەی لەبارەی جوگرافیای جیهانی کۆنەوەیە و لە نێویدا ئەو هەرێمانەی بژاردووە کە ئیمپراتۆریی ئەشکانییان پێك دەهێنا. بە وتەی ئەو ئیمپراتۆریی ئەشکانی لە هەژدە شانشین پێك دەهات (کتێبی شەشەم، ١١٢ VI, 112)، یانزدەیان شانشینەکانی "سەروو" و حەوتیان شانشینەکانی "خواروو" بوون. ناوچەی گەرمیانیش کە بە زمانی پەهلەویی ئەشکانیی ئەو سەردەمە هەر 'گەرمیکان Garmikān' ی پێ دەووترا و بە ئارامیش 'بێث گەرمای Bēth Garmai' بوو. ناوچەی خانەقین دەکەوتە خوارووی ئەو هەرێمی گەرمیانەی ئەو کاتەوە. پەتلیمۆس لە جوگرافیا بەناوبانگەکەیدا ناوی گەرمیانی بە گەرەمایۆی Garamaioi'[٤٨] نووسیوە و دەڵێت شانشینێك بوو پایتەختەکەی 'کەرخا د بێث سلۆك Karkha de bēth Slōk' بوو کە کەرکوکی ئێستایە. ئەم شانشینە تا هاتنی ساسانییەکان هەر بەردەوام بوو. بە وتەی فرەی Frye ئەو کاتە ئیتر یان خراوەتە سەر شانشینی ئاسوریستان (ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا) یان ئەدیابینە (نێوان دوو زێ – هەولێر) لە باکور.[٤٩]

یەکێك لە دەقە بەبەهاکان کتێبێکە کاتی خۆی جوگرافیناس و گەریدەیەکی ڕۆمانی بەناوی 'ئیسیدۆری کەرخی Isodor of Charax' نووسیویەتی کە پێدەچێت لەسەر داوای فەرمانڕەوایانی ڕۆما[٥٠] نووسیبێتی بۆ زانیاری کۆکردنەوە لەسەر قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان کە نەیاری ڕۆمانەکان بوون. جێی داخە کە کتێبەکە تەنها چەند بەشێکی کەمی لێ ماوەتەوە، بەڵام ئەو بەشە کەمەش زانیاریی کورت بەڵام بەپێزی لەسەر ناوچەی بابەتی ئەم باسەی تیادایە. لەو هەرێم و ناوچانەی ئیسیدۆر باسی کردوون وڵاتی 'ئەپۆلۆنیاتیس Apolloniatis' ە کە بە پێی وەسفەکەی ئەو دەکاتە بەشی خوارووی گەرمیان. بەڵام بە ڕای هەندێکی تر هەموو گەرمیان بووە، لە باشوری هەولێرەوە تا بەغدا.[٥١] بە وتەی ئیسیدۆر پانتایی ئەپۆلۆنیاتیس ٣٣ پەرسەنگ[٥٢] بووە و چەندین ئاوەدانی و مەنزلگای سەر ڕێگای هەبووە، گرنگترین شاری ئەم هەرێمە شاری 'ئەرتەمیتا Artamita' بووە کە دەڵێت لە سەردەمی ئەودا 'خالاسار Chalasar' ی پێ

---

[48] Ptolemy, *Geographia* 6.1.1-7.
[49] Frey, *op. cit.,* p. 222.

[٥٠] بە وردی نازانرێت لەسەردەمی چی فەرمانڕەوایەکی ڕۆمادا ژیاوە و کتێبەکەی نووسیوە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان زۆر پێدەچێت لەسەردەمی ئیمپیراتۆر ئۆگوستوس (٤٤ پ.ز. تا سەرەتای ساڵانی زایینی) دا ژیابێت و کاری کردبێت و هەر بەفەرمانی ئەویش هاتبێتە ڕۆژهەڵات تا زانیاریی جوگرافیی وردی لەسەر ئیمپراتۆریی ئەشکانی بۆ کۆبکاتەوە، پێش لەشکرکێششە گەورەکەی بۆ سەر ئەرمەنستان.

[51] Smith, W. (ed.), *Dictionary of Greek and Roman Geography,* vol. I, Boston, 1854, p. 161.

[٥٢] پەرسەنگ کە بە عەرەبی "فرسخ"ە لە کات بۆ کات و هەندێك جار لە وڵات بۆ وڵاتیش دەگۆڕێت. ئیسیدۆر بە پەرسەنگ دەڵێت Shoenus. توێژەری بەناوبانگ موسیل کە کتێبێکی بەپێزی لەسەر جوگرافیای فوراتی ناوەڕاست نووسیوە و پشتی بە نووسینەکانی جوگرافیناسە کلاسیکییەکان بەستووە، ئەو پەرسەنگەی ئیسیدۆری بە ٤,٧ کیلۆمەتر مەزەندە کردووە، بۆ ئەمە بڕوانە:
Musil, A., *The Middle Euphrates, A Topographical Itinerary,* New York, 1927, p. 227.

وتراوە و ڕووباری 'سیلا Silla' بە ناوەڕاستی دا تێپەڕیوە.[٥٣] هەر بە وتەی ئەو دووریی ئەرتەمیتا لە شاری 'سلوکیە Seleucea'[٥٤] وە ١٥ پەرسەنگ بووە. شاری ئەرتەمیتا بە یەکێك لە شارە گرنگەکانی سەردەمی ئەشکانی لەقەڵەم دەدرێت و شوێنەکەی بە دڵنیاییەوە دەستنیشان نەکراوە، مامۆستا فوئاد سەفەر بە شوێنێکی نزیك بەعقوبەی دەزانێت،[٥٥] بەڵام ڕای سمیث وایە کە لە شارەبانی ئێستادا بووە.[٥٦] ڕوباری سیللا لەسەر زمانی نووسەرە کلاسیکییەکان بە ڕووباری دیالە-سیروان وتراوە. لەپاش ءەپۆلۆنیاتیس، ئیسیدۆر باس لە وڵاتی 'خالۆنیتیس Chalonitis' دەکات کە بە ووتەی ئەو ٢١ پەرسەنگ دوور بووە، ٥ گوندی تیادا بووە و چەند مونزلگایەك و شارێکی یۆنانیی بە ناوی 'خالا Chala' لێ بووە کە ١٥ پەرسەنگ ئەولا ئەپۆلۆنیاتیس بووە، بەڵام دیاریی نەکردووە کام لای، ڕەنگە ئەمەش هۆی ئەوە بێت هەندێك خالۆنبتیس بە شوێنێکی تر تێبگەن کە گوایە لە باشوری ڕۆژئاوای سوریا بووە تا دەگاتە زنجیرەی زاگرۆس.[٥٧] بەڵام ناکرێت ئەم وڵاتە ئەوەندە گەورە بووبێت و مەبەستی ئیسیدۆر هەر دەبێت ڕۆژهەڵاتی ناوچەی خواروی گەرمیان و خانەقین بووبێت، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو ووتەیەیەتی کە دەڵێت ٥ پەرسەنگ لەولا خالۆنیتیسەوە چیایەکە بەناوی زاگرۆس کە سنووری نێوان خالۆنیتیس و میدیا پێك دەهێنێت.[٥٨] ئەو وەسفەی دراوە وناوی وڵاتەکە هەر بۆ ئەوە دەچێت مەبەستی ئیسیدۆر وڵاتی حەلوان بێت کە کاتی خۆی خالمانی پێ ووتراوە و خالۆنیتیس هەر لە خالمانەوە هاتبێت و شاری خالا ش هەر دەبێت شاری حەلوان بووبێت.[٥٩]

ناوی ئەپۆلۆنیاتیس لە ڕاستیدا لەلایەن جوگرافیناسانی یۆنانیی مەکەدۆنییەوە لەم وڵاتە نراوە و بە وتەی سترابۆ ( p. 732 and 524) ناوە کۆنەکەی 'سیتتاکێنە Sittacene' بووە[٦٠] و نووسیویشیەتی کە 'سیتتاکێ' شارێك بووە (xvi, p. 744) لەسەر ڕێگای نێوان ئەرتەمیتا و سوسە (شوش). دیۆدۆروس بە شێوەی 'سیتتا Sitta' (xvii, 110) تۆماری کردووە. بە وتەی سترابۆ سیتتاکێ پایتەختی سیتتاکێنە بووە کە لە پاشدا ناوەکەی بووە بە ئەپۆلۆنیاتیس (xi, p. 524). بە وتەی پۆلیبیوسیش (v. 44)، هەرێمی ئەپۆلۆنیاتیس و وڵاتی بابل سنوری باشوری وڵاتی میدیایان پێك دەهێنا، بۆیە ئەم هەرێمە ڕۆژهەڵاتی دیجلەی دەگرتەوە، ئەو ڕاستییەی کە پۆلیببیوس لە شوێنێکی تریشدا (v. 51) جەختی لەسەر کردووەتەوە. جێگای سەرنجە کە پلینی دەڵێت گوایە ئەم شارە بە 'ئەربێلیتیس Arbelitis'

---

[٥٣] میرزایی، علی اصغر، *ایسیدور خاراکسی: منزلگاه های اشکانی*، تهران، ١٣٩٢، ص. ٢٦.

[٥٤] سلوکیە ی سەر دیجلە لەسەرەتای سەردەمی سلوکییەکانەوە پایتەختی سلوکییەکان بوو، ئێستا بە پاشماوەکانی دەووترێت 'تەل عومەر' و لە نزیك سەلمان پاکە.

[٥٥] سفر، فؤاد، "المنازل الفرثية لاسيدورس الكرخي،" *سومر*، المجلد ٢، الجزء ٢ (١٩٤٦)، ص. ١٧٣، الهامش ٤١.

56 Smith, *op. cit.,* p. 227.

[٥٧] بڕوانە بۆ نمونە: میرزایی، *هەمان سەرچاوەی پێشوو*، ص. ٢٦، حاشیە ٧.

[٥٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[٥٩] بەڕێز فؤاد سەفەریش هەر هەمان ڕای هەیە، بڕوانە: سفر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص. ١٧٣، الهامش ٤٤.

60 Smith, *ibid.*

و 'پالایستینە Palaestine' یش ناوزەد کراوە و بەلای ئەوەوە شوێنەکەی لە سەرووتر بووە.[٦١] سمیث لای وایە سیتتاکێ هەمان ئەو هەرێمە بێت کە کورتیوس Curtius پێی دەڵێت ساتراپێنە Satrapene.[٦٢]

بەڕای مارکوارت لەپێش سەردەمی ساسانی دا، واتە لەسەردەمی ئەشکانی دا، لە گەرمیان دوو خانەوادە دەستەلاتدار بوون، ئەوانیش بنەماڵەی بەرزین' و بنەماڵەی یەزدین.' لەو بڕوایەشدایە کە بنەماڵەی یەزدین لە نەوەی بنەماڵەی ئیزات' ی پادشای ئەدیابینە بووە.[٦٣]

سەردەمی ساسانی سەردەمێکی درێژی ترە کە تیایدا چەندین ڕوداوی گەورە و چارەنووسساز لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە. بەڵام، بەهۆی نزیکیی ناوچەی خانەقین لە چەقی دەستەلاتەوە، واتە لە پایتەختی ساسانییەکانەوە کە شاری تەیسەفون (المدائن) بووە، ڕووداوی گەورە لە نزیکییەوە زۆر نین، بۆیە کەمتر ناوی هاتووە. ڕەنگە جێگای بایەخ بێت ئاماژە بکەین بەوەی کە ناوچەی خانەقینیش بەشێك بووە لە هەرێمی گەرمیان کە لەو کاتەدا کەرکوك پایتەختی بووە. بەپێی سەربهوردی ڕووداوە مێژووییەکانی سەرەتای سەردەمی ساسانییەکان، گوایە پادشای گەرمیان، کە ناوی 'دۆمیتانا Domytana' بووە و بە ناونیشانی "پادشای کەرخ سلۆخ" واتە پادشای کەرکوك ناوبراوە، داویەتییە پاڵ ئەو هاوپەیمانێتییەی ئەردەشیری یەکەمی دامەزرێنەری بنەماڵەی ساسانی لە دژی ئەردەوانی پێنجەمی دوایین پادشای ئەشکانی پێکی هێناوە و بەم شێوەیە ڕۆڵێکی لە کۆتایی هاتنی ئەو ئیمپراتۆرییە و هاتنە سەرکاری ساسانییەکاندا گێڕاوە.[٦٤]

کاتی خۆی و تا سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینیش، شاڕێی سەرەکی بۆ هاتوچۆی نێوان باشور و باکور، نێوان وڵاتی بابل و کوردستانی کۆن بە ناوچەکانی گەرمیاندا تێدەپەڕی. لەسەردەمی ساسانیش دا هەروابووە، شاڕێی هاتوچۆ لە نێوان پایتەخت، تەیسەفون لە نویك سەلمان پاکی ئێستا و بۆ شاری شیز، کە شوێنی حەجی پادشا زەردەشتییەکانی ساسانییەکان بووە، بە گەرمیاندا تێپەڕیوە و لەێوە بۆ شارەزوور ، ئەمجا بۆ تەختی سولەیمان (شیز ی کۆن) لە ئازەربایجان. بەشێکی گرنگە ئەو شاڕێیە بە نزیك خانەقیندا تێپەڕیوە و لەسەر ڕێگاکە مەنزڵگا و وێستگەی زۆر هەبوون بۆ حەوانەوە. بێگومان لەو کاتەشدا، وەك سەردەمانی پێشوو، هەر بە خانەقیندا شاڕێی نێوان تەیسەفون و ناوەوەی ئێران، بەرەوە قەسری شیرین و کرماشان و هەمەدان تێپەڕیوە. لەبەرئەوە ناوچەی خانەقین لە دوولاوە گرنگییەکی ستراتیجیی هەبووە. دیارە هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی کە لەم سەردەمەدا بینایەکی ئێگجار گەورە و گرنگ لەسەروو خانەقینەوە بنیات نراوە تا هەم قەڵا بێت و هەم وێستگەیەکی گرنگی سەر ڕێگای نێوان ئێرانی ئەوکات و گەرمیان و مێسۆپۆتامیا بێت، ئەویش بینای حەوش کوڕووە کە

---

[61] Smith, *op. cit.,* p. 1016.

[62] *Ibid.*

[٦٣]بڕوانە: مارکوارت، ی.، ایرانشهر بر مبنای جغرافیای موسی خورنی، ترجمە: د. مریم میر احمدی، تهران، ١٣٧٣، ص. ٥٢.

[64] Mšiḥa Zkha, *The Chronicle of Arbela,* Translated by P. Kawerau, English translation by T. Król1, Lovanii, 1985, 8 (Online version).

هەرچەندە ئەم کتێبە ئێستا قسەی لەسەرە کە گوایە هەڵبەستراوێکی نوێ بێت.

بینایەکی گەورەیە بە بەرد و قسڵ بنیات نراوە، لە چەندین ژوور و داڵان و هەیوان و عەمار پێك هاتووە و بەشی نشیمەنەکانی لەسەر سەکۆیەکی گەورە دروست کراون (وێنەی ١. ٤).[٦٥]

بەهەمان شێوە، گەرمیانییەکان پشتگیریی نارسەیان کرد لەو شەڕە کورت خایەنەدا کە ئەنجامەکەی لادانی بەهرامی سێیەم و لەسەر تەخت دانانی نارسە بوو. نارسە پۆستی فەرمانڕەوای ئەرمەنستانی هەبوو، بەڵام پیاوماقوڵان و گەورەپیاوانی ساسانی لە ئەرمەنستانەوە هێنایانەوە و کردیان بە پادشا لەبەر ئەوەی لە بەهرام ناڕازی بوون و گوایە بەبێ ڕەزامەندی دانراوە.[٦٦]

لە شوێنەوارە گرنگەکانی تری ناوچەی خانەقین لە سەردەمی ساسانیدا دەشێت دسکەرە بێت. دسکەرە کە شێوەیەکی نوێی 'دەستگەرد'ە، لەکۆندا بە بینای شێوە کۆشك دەوترا کە پادشایان بۆ ماوەی کورت لەکاتی دەرچوونیاندا تیایندا دەمانەوە، هەروەها بە قەڵا و گوندیش دەوترێت.[٦٧] ئەم دسکەرەیە بە وتەی یاقوتی حەمەوی لە شوێنێك بووە نزیك شارەبان (ئەو دەڵێت: شهر آبان) و هێرتسفێلد دەڵێت ١٠٧ کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی تەیسەفون بووە لە نزیك شاری ئەرتەمیتا[٦٨] کە لەسەرەوە باس کراوە، ئێستا بە پاشماوەکانی دەووترێت 'زیندان.' لەپاش ٦٠٦ ز. ەوە خەسرەو (کیسرا) ی پەروێز دسکەرە دەکاتە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی و هیرقل (هیراکلیۆس) لە شەڕەکەیدا لەگەڵ ساسانییەکان لە ساڵی ٦٢٧-٦٢٨ ز. دا گەیشتە دسکەرە و سووتاندی. شورای ئەم کۆشکە تا سەردەمی 'ابن رستە' هەر مابوو و هێرتسفێلدیش باوەڕی وایە کە دیوارە لە خشت دروستکراوەکانی ئەستوورترین دیواری خشتن لە هەموو ڕۆژئاوای ئاسیادا.[٦٩]

ڕەنگە دوایین ڕووداو لە مێژووی خانەقین دا لە پێش ئیسلامدا هەڵاتنی یەزدەگیردی سێیەم (٦٣٣-٦٥١ ز.) ی دوایین پادشای ساسانی بێت کە پاش شکانی سوپاکەی لە قادسیە و گرتنی تەیسەفونی پایتەخت، بە خۆی و دار و دەستەکەی و برێکی باش لە کەل و پەل و سامانەکەیەوە بە خانەقیندا تێدەپەڕێت بەرەو ناوەوەی ئێران، چونکە سەرچاوەکان بە ڕوونی دەڵێن "بەرەو حەلوان ڕۆیشت."[٧٠] تەنانەت سەعدی کوڕی وەققاص تیپێك جەنگاوەر بەدوایدا دەنێرێت تا بیگرن، لەسەر پردی

---

[٦٥] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم حەوش کوڕووەوە، بڕوانە:
Reuther, O., Sassanian Architecture, in: Pope, A. U., *A Survey of Persian Art from Prehistoric Times to the Present,* vol. II – Text, Sopa, 1964-1981, p. 493-278.

[٦٦] بۆ وردەکاریی ئەم سەربهورده و زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ئەحمەد، کۆزاد محمد، "پەیکوڵی شوێنەوارێکی گرنگ... دەقێکی لەبیرکراو،" *ژین* ٣ (٢٠١١)، ل. ١١-٣٦.

[٦٧] بڕوانە: محمدي، محمد، *الترجمة و النقل عن الفارسية في القرون الاسلامية الاولى*، الجزء الاول، بيروت، ١٩٦٤، ص. ٥٣، الهامش ١.

[٦٨] هێرتسفێلد باسی ئەم شوێنەوارەی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا باس کردووە کە پێکەوە لەگەڵ زارە بە ناونیشانی "گەشتێکی شوێنەوارییانە لە ناوچەی فورات و دیجلە":
Sarre, F. und E. Herzfeld, *Archäologische Reise im Euphrat- und Tigris-Gebiet,* Band II, Berlin, 1920, p. 76-93.

[69] *Op. cit.,* p. 89.

[٧٠] بڕوانە بۆ نمونە: البلاذري، *فتوح البلدان*، ليدن، ١٨٦٦، ص. ٢٦٣.

نەهرەوان لەگەڵ سەربازانی پادشادا دەبێتە شەڕیان و ڕێیان لێ دەگیرێت، سەرباری ئەوەش بەشێك لە کەل و پەلەکانی پادشا بە تاڵان دەبەن.[٧١] تا لە ٦٥١ ز. دا لە ئاشێکدا لە مەرو لەسەردەستی ئاشەوانەکە دەکوژرێت و کۆتایی بە خۆی و بە بنەماڵەکەی دێت.[٧٢]

## وێنەکان:



وێنەی ژ. ١: بووکەڵەیەکی قوڕ لە چۆغە مامی




وێنەی ژ. ٢: دووان لە خانووەکانی چۆغە مامی.

[٧١] کریستنسن، آ.، *ایران في عهد الساسانيين*، ترجمة: يحيى الخشاب، القاهرة، ١٩٥٧، ص. ٤٨٦.

[٧٢] نفس المصدر السابق، ص. ٤٨٨.



وێنەی ژ. ٣: خانوو (یان قەڵا)کەی تەل ڕەزووق لە حەمرین



نەخشەی ژ. ١




نەخشەی ژ. ٢: مەنزڵگاکانی کە لە دەقەکانی وەسفدانی شارێییەکانی ناوچەی خانەقیندا هاتوون.

سەرچاوە: Frayne, *EDGN,* p. 68

## سەرچاوەکان:


1- Ahmed, K. M., *The Beginnings of Ancient Kurdistan, A Historical and Cultural Synthesis (c. 2500-1500 BC),* Leiden, 2012.
2- Birot, M., "Les Chroniques "Assyriennes" de Mari," *Mari Annales de Recherches Interdiciplinaires* 4, Paris, 1985.
3- Brinkman, J. A., *A Political History of Post Kassite Babylonia,* Roma, 1968.
4- De Boer, R., *Amorites in the Early Old Babylonian Period,* Ph. D. Dissertation, Leiden, 2014.
5- Durand, J.- M., *Les documents épistolaires du palaisde Mari ( LAPO)* I, Paris, 1997.
6- Edzard D. O. and G. Farber, Die Orts- und Gewässernamen der Zeit der 3. Dynastie von Ur, *RGTC* 2, Wiesbaden, 1974.
7- Edzard, D. O., G. Farber and E. Sollberger, Die Orts- und Gewässernamen der präsargonischen und sargonischen Zeit, *RGTC* 1, Wiesbaden, 1977.
8- Finkelstein, J. J., "Subartu and Subarians in Old Babylonian Sources," *JCS* 9 (1955).
9- 9- Forest, J.-D., *Mésopotamie, l'apparition de l'etat. VII^e^-III^e^ millénaires,* Paris, 1996.
10- Frayne, D. R., "The Zagros Campaigns of Šulgi and Amar-Suena," *SCCNH* 10, Bethesda, 1999.
11- Frayne, D. R., *The Early Dynastic List of Geographical Names (EDGN)*, American Oriental Series, vol. 74, 1992.
12- Frayne, D., *Royal Inscriptions of Mesopotamia – Early Periods,* vol. 2, Toronto, 1993.
13- Frayne, Ur III Period (2112-2004 BC), *RIME* 3/2, Toronto, 1997.
14- Frey, R., *The History of Ancient Iran,* München, 1984.
15- Fujii, H., "Outline of the Japanese Excavations," *Sumer* 40, Part 1&2 (1981).
16- Gelb, I. J. and B. Kienast, Die altakkadischen Königsinschriften des Dritten Jahrtausends v. Chr., *FAOS* 7, Stuttgart, 1990.
17- Grayson, A. K., "The Empire of Sargon of Akkad," *AfO* 25 (1974-77).
18- Grayson, A. K., *Assyrian and Babylonian Chronocles,* New York, 1975.
19- Grayson, A. K., *The Royal Inscriptions of Mesopotamia- Assyrian Periods,* vol. III: Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC II (858-745 BC), Toronto, 1996.
20- Güterbock, H. G., "Die historische Tradition und ihre litrerarische Gestaltung bei Babylonieren und Hethitern," *ZA* 10 (1938).
21- Hinz, W., "Elams Vertrag mit Narām-Sîn von Akkade," *ZA* 58 (1967).
22- Hinz, W., "Persia *c.* 2400-1800 BC," *Cambridge Ancient History*, vol. I, part 2, Cambridge, 1971.
23- Kessler, K., "Lubda," *RlA* 7 (1987-1990), Berlin.
24- Kessler, K., "Namar/Namri," *Reallexikon der Assyriologie* 9 (1998-2001).
25- Kupper, J.-R., *Archives Royales de Mari* 6, Paris, 1954.

26- Lebeau, M., "Notes sur les sceux et emprints des sceux de Kheit Qasim," *Sumer* 40, Part 1 & 2 (1981).
27- Long, G., "Miscellaneous: 1. On the Site of Susa," *The Journal of the Royal Asiatic Society,* vol. 3 (1833).
28- Mellaart, J., *The Neolithic of the Near East,* London, 1981.
29- Mšiḥa Zkha, *The Chronicle of Arbela,* Translated by P. Kawerau, English translation by T. Króll, Lovanii, 1985, 8 (Online version).
30- Musil, A., *The Middle Euphrates, A Topographical Itinerary,* New York, 1927.
31- Nashef, Kh., Die Orts- und Gewässernamen der mittelbabylonischen und mittelassyrischen Zeit, *RGTC* 5, Wiesbaden, 1982.
32- Oates D. and J. Oates, *The Rise of Civilization,* Lusanne, 1976.
33- Postgate, J. N., "Irrija," *RlA* 5 (1976-1980), Berlin.
34- Potts, *Mesopotamia and the East, an Archaeological and Historical Study of Foreign Relations, ca. 3400-2000 BC,* Oxford, 1994.
35- Potts, *The Archaeology of Elam, Formation and Transformation of an Ancient Iranian State,* Cambridge, 1999.
36- Redman, Ch., *The Rise of Civilization, from Early Farmers to Urban Society in the Ancient Near East,* San Francisco, 1978.
37- Reuther, O., Sassanian Architecture, in: Pope, A. U., *A Survey of Persian Art from Prehistoric Times to the Present,* vol. II – Text, Sopa, 1964-1981.
38- Roaf, M., "Tell Madhur, A Summary Report on the Excavations," *Sumer* 43, part 1 & 2 (1984).
39- Röllig, "Niqqu(m)," *Reallexikon der Assyriologie* 9 (1998-2001).
40- Röllig, "Niqqu(m)," *Reallexikon der Assyriologie,* 9, Berlin, (1998-2001).
41- Röllig, W., "Jalman," *RlA* 5 (1976-1980), Berlin.
42- Sarre, F. und E. Herzfeld, *Archäologische Reise im Euphrat- und Tigris- Gebiet,* Band II, Berlin, 1920.
43- Smith, W. (ed.), *Dictionary of Greek and Roman Geography,* vol. I, Boston, 1854.
44- Stolper, M. W., "Awan," *Encyclopaedia Iranica,* vol. III, ed. by Ehsan Yarshater, London, 1989.
45- Sürenhagen, D., "Excavations of the Deutsche Orient Gesellschaft at Tell Ahmed Al-Hattu," *Sumer* 40, part 1 & 2 (1981).
46- Tadmor, H. and Yamada, Sh., *The Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Period,* vol. I, The Royal Inscriptions of Tiglath-Pileser III (744-727 BC), and Shalmaneser V (726-722 BC), Kings of Assyria, Winona Lake, 2011.
47- Vallat, F., Les noms géographiques des sources Suso-Élamites, *RGTC* 11, Wiesbaden, 1993.
48- Visicato, G., "The Sargonic Archive of Tell el-Suleimah," *Journal of Cuneiform Studies* 51 (1999).
49- Weidner, E., "Das Reich Sargons von Akkad," *AfO* 16 (1952-53).

50- Westenholz, A., The Old Akkadian Period, History and Culture in: Sallaberger, W., and A. Westenholz, Mesopotamien, Akkade-Zeit und Ur III-Zeit, *OBO* 160/3, eds. P. Attinger and M. Wäfler, Göttingen, 1999.

51- Whiting, R. M., *Old Babylonian Letters from Tell Asmar,* Chicago, 1987.

٥٢- ئەحمەد، كۆزاد محمد.، "بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا، ژین ١ (٢٠٠٩).

٥٣- ئەحمەد، كۆزاد محمد، "پەیکوڵی شوێنەوارێکی گرنگ... دەقێکی لەبیرکراو،" *ژین* ٣ (٢٠١١).

٥٤- البلاذري، *فتوح البلدان*، ليدن، ١٨٦٦.

٥٥- بوستكيت، ن.، "الجغرافيه التاريخيه لحوض سد حمرين،" الجزء الاول، *سومر* ٣٥ (١٩٧٩).

٥٦- سفر، فؤاد، "المنازل الفرثية لاسيدورس الكرخي،" *سومر*، المجلد ٢، الجزء ٢ (١٩٤٦).

٥٧- كريستنسن، آ.، *ايران في عهد الساسانيين*، ترجمة: يحيى الخشاب، القاهرة، ١٩٥٧.

٥٨- ماركوارت، ی.، ایرانشهر بر مبنای جغرافیای موسی خورنی، ترجمه: د. مریم میر احمدی، تهران، ١٣٧٣.

٥٩- محمدي، محمد، *الترجمة و النقل عن الفارسية في القرون الاسلامية الاولى*، الجزء الاول، بيروت، ١٩٦٤.

٦٠- میرزایی، علی اصغر، ایسیدور خاراکسی: *منزلگاه های اشکانی*، تهران، ١٣٩٢.